# تایگرێلا



لیجیا ڤاجۆندیس تیلیس*
و: شیرین. ک

بەرێکەوت رۆمانا-م لەکافتریایەك بینی، نیوەمەست بوو، بەڵام لەنێو مەستییە شەفافەکەیدا هەستم بەو خڵتە زۆرە کرد کە بەخێرایی لەناخییەوە سەردەکەوت ئەو کاتەی جدی بوو، ئینجا لچی شۆڕ کرد ئەدگارەکانی قورس و تەمومژاوی بوون. دووجار دەستی گرتم.. دەیگوشی و دەیوت (پێویستیم پێتە..) ئەوەنەی پێنەئەچوو دەستی بەرئەدام و دوور دەکەوتەوە: هیچ پێویستی پێم نەدەما.. پاش چەند چرکەیەك هەموو ترسەکەی هەڵدەگەڕایەوە بۆ شتێك نەمدەزانی چییە، بەڵام زیاتر لەنیگایەکی گاڵتەجاڕیانەو دەبەنگییەك و سڕبوونێك دەچوو، کە ئەستوورییەکی زیاتری دەدا بەلێوانی. کە پێکەنی سەرلەنوێ بووەوە بەهەرزەکارەکە، بێگومان باشترین کچە خوێندکاری پۆلەکەی بوو، جوانترین کچ بوو- ئێستاش هەر وایە-، بەڵام ئێستا جوانییەکەی شێواوە، خەمێکی قورس و ئاشکرا دایگرتووە، تەنانەت کە پێشدەکەنێ، پێیوتم کەوا لەمێردی پێنجەمیشی جیابۆتەوەو ئێستا لەشوقەکەیدا کە لەسەر سەربانی باڵەخانەیەکە لەگەڵ پڵنگێکی بچکۆلەدا دەژی.

رۆمانا.. لەگەڵ پڵنگێکدا؟ پێکەنی.. کاتی خۆی دۆستێکی هەبوو هاتوچۆی ئاسیای کردووە، جارێکیان کە گەڕاوەتەوە پڵنگێکی بچکۆلانەی بۆ هێناوە لەسەبەتەیەکی بچووکدا–تایگرێلا– ئەوکاتە بەڕاستی بچووك بوو، بۆ شووشە شیرەکەی نەبوایە بەخەبەر نەدەهات، بەتێپەڕینی کات گەورە بوو تا وایلێهات قەبارەی لەقەبارەی پشیلەیەکی گەورە گەورەتر بێ، تایگرێلا لەنەسلی خاوەن فەروە ئەسمەرەکانە کە بەلای زەردا دەڕوانێ و خەتی تیایە بەڕەنگی نانی برژاو، چاوانی ئاڵتونین سێ بەشی پڵنگەو سێ بەشەکەی تری ژنە، هەتا گەورەتر دەبێ زیاتر هەست بەوە دەکەم ڕێگەیەکی مرۆڤانەتر دەگرێتەبەر، سەرەتا مەسەلەکە پێکەنیناوی بوو، زۆر لاسایی دەکردمەوە هەروەها منیش–منیش لاساییم دەکردەوە– بەیەکداچوونەکەمان گەورە بوو تا ئەو رادەیەی ئیتر نەمتوانی دەستنیشانی بکەم کاممان کاری لەوی تر کردووە، کاممان کاری تێکراوە! من ئێستا نازانم کاممان ئەوی تری فێرکردووە بەشێوازێکی تایبەتی سەیری ئاوێنەکە بکات تا دەموچاوی خۆی لەسەر لا ببینێ، نازانم ئاخۆ لەمنەوە فێربووە چۆن لەسەر زەوی پاڵکەوێ و هەردوو دەستی بخاتە ژێر سەری و گوێ لەمۆسیقا بگرێ یان من لەوەوە فێربووم وا بکەم. تایگرێلا گونجاندنێکی تایبەتمەندی هەیەو زۆر پاك و خاوێنە، رۆمانا کلۆ سەهۆڵەکەی کردە پەرداخەکەوەو وتی: فەروەکەی ئەم رەنگەیە، رەنگی وێسکی. وای وت و دەستیکرد بەجولاندنی پەرداخەکە بەسەر مێزەکەدا. بەسەری پەنجەکانیشی ئەو پارچە سەهۆڵە تیژەی هەڵگرت کە لەپەرداخەکەدا مابووەوە گوێم لەخرمە خرمی پارچە سەهۆڵەکەی بوو کە لەنێوان ددانەکانیدا وردی دەکرد. ئەو دەنگە بیری خستمە راهاتووە لەسەر خواردنی ساردەمەنی. تایگرێلا حەزی لەویسکییە، دەزانێ چۆن چۆنی دەیخواتەوە، دەشتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵبێت، سنووری خۆی دەزانێ و لێی دەرناچێت و دەزانێ لەکوێدا دەوەستێ، بەڵام جارێکیان لەدەستی دەرچوو و ئەو سنوورەی بەزاند، دواتر هەستی بەنەشئەو مەستی کرد زیاتر لەجارەکانی پێشوو، رۆمانا پێکەنی کاتێ بیری کەوتەوە ئەو شەوە تایگرێلا چی کردووە، باسیکرد: دەستیکرد بەسەرمەو قولات و بەنێو شمەك و کەلوپەلی ناو ماڵەکەدا ئەتلایەوەو هەڵبەزو دابەزی ئەکرد، ئینجا لکێکی شۆڕەوە بووی چلچراکەی گرت و خۆی پیا هەڵواسی و دەستیکرد بەجۆلانە کردن، دەهات و دەچوو، رۆمانا ئەمەی بەدەنگێکی نزم وت و بەپەنجەشی لاسایی ئەو جووڵەیەی دەکردەوە کە جووڵەی بەندۆلی بیرخستمەوە، ئینجا تایگرێلا کەوتە خوارێ و نیوەی چلچراکەشی لەگەڵ خۆیدا خست بەسەر کورسییە گەورەکەدا سەرەڕای ئەوەش پێکەوە تانگۆمان کرد.. تایگرێلا شەڕانگێزو لاسار بوو، دوایی میزاجی تێکچوو و تووشی ئیحبات بوو، چووە ناو باخچەکەو رووەکەکانی تێکدا، ئینجا هاتەوەو خاولی حەمامەکەی دڕاندو چی هی شکاندن بوو لەدەوروبەری خۆی شکاندی لەکۆتاییشدا خەریك بوو لەبالکۆنەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە بەتەواویی هەروەکو چۆن خەڵك کاتێ ئەیانەوێ خۆیان بکوژن، بەتەواویی. رۆمانا ئەمەی وتەوەو بۆ سەعاتەکەی دەستم گەڕا، ئاماژەی بۆ پیاوێك کرد بەنزیك مێزەکەماندا تێپەڕی و لێی پرسی سەعات چەندە، کە زانی وا خەریکە لەنیوەشەو نزیك دەبێتەوە، سەری دانەواندو نیگاکانی دیارنەمان، بێدەنگ مایەوەو منیش چاوەڕوانم دەکرد، کە دەستی کردەوە بەقسەکردن، هەستم پێکرد هەروەکو ئەوەی یاریکەرێك بێت و ستراتیژی گەمەیەك لەدەنگێکی دەستکرددا بشارێتەوە: محاجەرەیەك لەسەر دیواری بالکۆنەکەیە، دیارە ئەو ئەگەر بیەوێ بەئاسانی ئەتوانێ بەسەر ئەو محاجەرەیەدا سەرکەوێ، ئەشزانم ئەگەر سەرخۆش نەبێ هەوڵی خۆکوشتن نادات، بەڵام هەر بۆ خۆپارێزی ئەو دەرگایە دائەخەم کە دەچێتەوە سەر بالکۆنەکە. تایگرێلا

هەمیشە سەنگین و ژیرە، رۆمانا هەتا لەقسەکانیدا بەردەوام دەبوو وردە وردە دەنگی نەرم و نەرمتر دەبووەوە، لەپڕێکا، ئەدگارەکانی گۆڕا هەروەکو ئەوەی تاریکاییەك کەوتبێتە سەر رووی، لێمپرسی: (رۆمانا.. چی بووە؟) دەستم خستە سەر دەستی وەکو بەفر سارد بوو نیگاکانی تێبڕیم، کەچی سەیر دەکەم بیر لەشتێکی تر دەکاتەوە، پێیوتم: کە لەگەڵ خۆرئاوابووندا، کە تیشکەکەی بڵاودەبێتەوەو دەگاتە سەرەوەی باڵەخانەکە، سێبەری محاجەرەکە دوور لەبالکۆنەکەوە دێتە ژوورەوەو هێڵەکانی دەکەوێتە سەر فەرشەکەی ژووری دانیشتن ئەگەر تایگرێلا لەسەر قەنەفەکە نووستبێت، سێبەرەکان لەگەڵ هێڵەکانی فەروەکەیدا تۆڕێکی ناسك و جوان لەڕەنگی یەکتربڕ دروستدەکەن.

بەکەڵەموستی کلۆ سەهۆڵەکەی ناو پەرداخەکەی تێکدا، موستیلەیەکی کردبووە ئەو پەنجەیەی کە زمروتێکی چوارگۆشەی تیابوو هەروەکو شاژنەکان، بەڵام ئەوە سەیر نەبوو، ئەو پانتاییە سنووردارەی ناو شوقەکە بارودۆخی نەشونما کردنی ئەو پڵنگە ئاسیاوییەی سنووردار کردبوو لەمیانەی ئەو حیکمەتە سیحرئامێزەی لەیاسای خۆگونجاندندا هەیە. تایگرێلا لەپشیلەیەکی عوتابی گەورەتر نییە، لەوە دەچێ درکی بەو سنوورانە کردبێت کە نابێ لێی دەرچێ: لەپشیلەیەکی گەورە گەورەتر نییە. بەتەنیا من درکم بەگەورە بوونی کرد، بەتەنیا من تێبینی ئەوەم کرد کە پانتاییەکی گەورەتر داگیر دەکات هەرچەندە ئەو گۆڕانەی لەقەوارەیدا روویداوە تێبینی ناکرێ. بەم دواییانە ئیتر وامان لێهاتووە هەست بەتەسکی ئەو شوێنە هاوبەشە دەکەین، چیدی نەئەو ژوورە هاوبەشەو نەئەو شوێنە هاوبەشە جێی هەردووکمانی تیا نابێتەوە، دەبێ ئێستا یەکێکمان ئیتر... قسەکەی بڕی تا جگەرەیەکی باریك بۆ خۆی داگیرسێنێ گڕەکە لەدەستە لەرزیوەکەیدا شەپۆلی دەدا–تایگرێلا ئێستا لەگەڵمدا دەنوێ، کە تووڕە دەبێ جێم دێڵێ و دەچێ لەسەر قەنەفەکە دەنوێ، لەسەر پشت دەنوێ و خۆی رەق دەکات هەروەکو پەیکەری ئەبوهۆل.

دیارە کێشەتان لەگەڵ دراوسێکاندا هەیە...؟ لێمپرسی، ئەو پەنجەیەی وەستان کەوا پارچە سەهۆڵەکەی نێو پەرداخەکەی پێ دەخولانەوە، وتی: دراوسێمان نییە، هەر قاتەو یەك شوقەی تیایە لەباڵەخانەیەکی سپی بەرزدا، سیستەمەکەی هەروەکو ئەو باڵەخانانەی دەوری دەریای سپی ناوەڕاستە، دەبێ جارێك ببیت بەمیوانمان، تەماشاکەی تایگرێلا چۆن شوقەکە رێکدەخا، جارێکیان چووم بۆ پاریس، تۆ دەزانی.. وانییە؟ هەندێ قووماش و چەند پارچەیەك فەرش و بەڕەم لەگەڵ خۆم هێنایەوە، تایگرێلا حەزی لەمەخمەڵە زۆر پێی دەحەوێتەوە، هەستیارە بەرامبەر دەست لێوەدانی شتەکان و بۆنیان، کە بەمیزاجێکی خراپەوە لەخەو هەڵدەستێ خێرا بوغورد دەسووتێنم، بۆنی خۆش ئارامیدەکاتەوە، ئینجا ریکۆردەرەکە دەکەمەوە تا گوێ لەمۆسیقا بگرێ، لەسەر فەرشەکە پاڵدەکەوێ و خەو دەیباتەوە لەوە دەچێ کە چاو دەنوقێنێ شتەکان باشتر ببینێ، هەروەکو ئەژدیها. زۆر بەزەحمەت توانیم ئەنینا قەناعەت پێبکەم کەوا تایگرێلا پشیلەیەکی گەورەیەو هیچی تر، لەو جۆرانە نییە کە ئەو دەیناناسێ. ئەنینا کارەکەرەکەیە، بەڵام ئەم ماوەیە بارودۆخەکە لەبارە مەودایەك جیایان دەکاتەوە، رێزێکی زۆریش لەنێوانیاندایە، ئەمە گرنگە.. رێز، ئەنینا پەسەند دەکات هەرچەندە درێوەو چۆتە ساڵەوە، کەچی کارەکەرەکەی پێشووی لا پەسەند نەبوو، کچێکی بچکۆلانە بوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کچەکە لەوێ دەبوو لەگەڵما تایگرێلا لەباخچەکە دەمایەوەو نەدەهاتە دەرێ. لەنێوان رووەکەکاندا خۆی دەشاردەوەو نینۆکەکانی لەگڵەکە دەچەقاند.

نینۆك... بیرم چووەوە دەمویست بڵێم چی.. موستیلەكە لەپەنجەیدا بای خواردو زمڕوتەكەی لێكەوتە خوارێ كەوتە لای پەرداخەكەوە هەروەكو ئەوەی سەرێك بێ و ئەوەی رایگرتبوو كەوتبێت. لەوە دەچوو دەنگی نقێمی موستیلەكە كە بەر پەرداخەكە كەوت رۆمانای بەخەبەر هێنابێتەوە، بۆ چەند چركەیەك رووخساری نەیدەتوانی گوزارشت بكات. سەری بەرزكردەوەو چاوی بڕیە ئەو مێزانەی لێرەو لەوێدا بوون، پڕبوون لەخەڵك (ئەو دەنگە دەنگە چییە؟) پێشنیازم كرد شوێنەكە جێبهێڵین. كەچی لەبری ئەوەی داوای حیسابەكە بكات داوای لەبەردەستەكە كرد ویسكی تری بۆ بهێنێ. نیگەران مەبە، لەسەر ئەمە راهاتووم، وایوت و هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا، دانیشتنەكەی خۆی چاككرد دەستیكردەوە بەقسەكردن: تایگرێلا حەزی لەبەردی گرانبەهایەو حەزیشی لەباخ-ە بەڵێ (باخ) بەتایبەتی پارچەی (موعاناتی قدیس ماپیوس). شەوێكیان خەریكی خۆگۆڕین بووم خۆم ئامادە دەكرد بۆ ئێوارەخوانێك بانگكرابووم هات و لێم ورد دەبووەوە، رقی لەوە دەبێتەوە بچمە دەرێ و بەتەنیا جێی بهێڵم، كەچی ئەو شەوە بەپێچەوانەی جارەكانی پێشووەوە دڵخۆش بوو كراسەكەشمی بەدڵ بوو، حەزی لەبەرگی كلاسیكییە، كراسەكەم ئاوریشمین و درێژ بوو، رەنگی كایی بوو، قۆڵەكانی درێژ بوو، كەمەرەكەی تۆزێ لەخوارەوە بوو، تایگرێلا بەدڵتە؟ لێمپرسی. رایكردوو چنگی بەناسكی خستە سەر سنگم و ژێر چەناگەمی بەهێواشی لستەوە هەروەكو ئەوەی نەیەوێ ماكیاژەكەم تێكبچێتەوە، ملوانكەیەكی زەردوو ییم لەملدا بوو سەرنجی راكێشا، دەستیكرد بەلستنەوەی دەنكەكانی و بەدان دەیگرت، دەتەوێ؟ لێمپرسی. بۆڵە بۆڵێكی كرد، بەنەزاكەتە بەڵام بەجەرگە، ملوانكەكەم لەملم داكەندو خستمە سەر سەری. رایكردە بەر ئاوێنەكە تا سەیری خۆی بكات لەوێنەكەی وردبوومەوە بەختەوەرییەكی زۆری پێوەدیاربوو، دەستیكرد بەلێستنەوەو دەستیكرد بەڕاكە راك و مورووە گەورەكەی ناوەڕاست شۆڕ بووبووەوەو دەیدا لەزەوییەكە، كە تایگرێلا هێمن دەبێت رەنگی چاوی دەبێ بەزەردێكی مات بەڕەنگی مووروی زەردوویی.

ئەنینا لەشوقەكەدا دەنوێ؟ لەرۆمانام پرسی، سەیرێكی كردم هەروەكو ئەوەی ئەوە یەكەم جاری بێ درك بەوە بكات كە ئەنینا بەیانیان زوو دێت و كە تاریك دادێ ئەڕوات، بەتەنیا هەردووكیان لەشوقەكەدا دەخەون. ماوەیەكی باش سەیرمكرد. پێكەنی. دەزانم. لەو باوەڕەدای كە شێت بم، لەخۆمان زیاتر كەسی دی ناتوانێ تێبگات. بۆ ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمەن زەحمەتە تێبگەن، بەڵام ئاسانە، هەر بەڕاستی ئاسانە رۆمانا وتی: دەبێ جارێك سەردانمان بكەی تا زیاتر تێبگەی. پاڵتۆكەم لەبەركرد هەستم كرد تا كاتەكە درەنگتر بكات ساردتر دەبێت. رۆمانا لەبیرتە؟ ئاهەنگی دەرچوونمان؟ هێشتا وێنەكانم ماوە.. تۆ پێڵاوێكی سەماكردنت كڕی بوو، بیرتە؟ بەڵام تەسك بوو و زۆر وەڕسی كردبووی لەكاتی سەمای ڤالسەكەدا یەكسەر داتكەندو بەپێی پەتی كەوتیتە سەماكردن، لەدوورەوە بینیمیت سەمات دەكرد، پرچت با دەیفڕاندو كراسە تەنكەكەشت لەگەڵ خولانەوەتدا با دەیشەكاندەوە زۆر جوان بووی كە بەپێی پەتی سەمات دەكرد. رۆمانا بەئاگاییەكی زۆرەوە لێمی دەڕوانی، بەڵام دڵنیابووم لەوەی گوێی لەیەك وشەم نەبوو، بەردەوام بوو لەسەر قسەكانی: هەردووكمان رووەك خۆرین، من خۆم لەئەسڵا هەر رووەك خۆرم و تۆش دەزانی -بەڕاستی من نەمدەزانی- تایگرێلاش هەر سەوزەواتی تەڕو تازە دەخوا، شیر بەهەنگوینەوە دەخوا، بەڵام گۆشت قەت نەگەیشتۆتە بەردەم دەرگاكەمان. گۆشت بۆنێكی ناخۆش لەدەماو بیری خراپیش جێدێڵێ. وایوت و دەستی گرتم و چرپاندی: (پێویستم پێتە). بەسەر مێزەكەدا نووشتامەوە تا نزیكتر بمەوەو باشتر گوێم لێی بێت، بەڵام بەردەستەكە قۆڵی درێژكرد تا تەپڵەكە پڕ

لەسووتوو قنگە جگەرەکان بەرێت. ڕۆمانا دیسان گێلێتییەکە گرتییەوە، چێژی لەدیمەنی بەردەستەکە وەردەگرت کە تەپڵەکی جگەرەکەی بەتاڵ دەکردەوەو پاکی دەکردەوە. ئایا ڕوویداوە -ئەگەر بەڕێکەوتیش بووبێ-تاقیبکەمەوە شیرو هەنگوین و تۆوی تەڕەتیزە تێکەڵ بکەم، زۆر ئاسانە، ئەهێنی هەموو ئەو شتانە ئەکەیتە قاپێکەوەو پێکەوە تێکەڵیان دەکەی و دوایی ئەیکەی بەسوزگیەکدا، دەستێکی درێژ کرد، گەورەم کاتت هەیە؟ لەپرسیارە کتوپڕەکەی سەرم سوڕما: دەتەوێ چاوت بەیەکێ بکەوێ؟ دەتەوێ شتێ جێبەجێ بکەی؟ وەڵامیدایەوە: نا.. نا.. بێگومان هیچ نییە.. ئەمەی چەند جارێ وتەوە، لێم ڕوانی، تێبینیم کرد کە دەمی کردەوە تا باوێشك بدات زیاتر ڕەنگی ڕووی بزڕکا، ئەدگارە تەمومژاوییەکانی جارێکی تر بۆ گەڕایەوە، بەسەری زمانی ئەو پارچە سەهۆڵەی لەبنی پەرداخەکەدا مابوو دەرهێناو دایکرماند... تا ئێستا ڕووینەداوە، بەڵام ڕوودەدا، بەزەحمەت ئەمەی وت هەروەکو ئەوەی ساردیی سەهۆڵەکە زمانی سووتاندبێ، هێشتا چاوەڕوان دەکەم.. قومێکی گەورە ویسکی خوارد، لەوە دەچوو کەمێ گەرمی پێبەخشیبێت. لەشەوێکدا کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. ڕەنگە دەرگاوانەکە لێم بپرسێ: خانمەکەم زانیوتە..؟ لەیەکێك لەو بالکۆنانەوە.. بەڵام دوای ئەوە-ڕەنگە-هیچی تر نەڵێ. ئەوکاتە ناچار دەبم زۆر ئاسایی سواری ئەسانسێرەکە بم، وەکو هەموو جارو هەروەکو ئەوەی قسەکانی هیچ کارێکی لێنەکردبم. تا هیچ شتێکم لێ تێبینی نەکات.. من دەمەوێ ڕۆژی ترم دەستکەوێ. هەندێجار لەخاوبوونەوەو خەیاڵدا نووقم دەبین. من وا دەکەم. بەڵام نازانم ئەنجامەکەی چیدەبێ. گەلێ شتم فێرکردووە. هەروەها ئەویش. منیش گەلێ شت لەوەوە فێر بووم، دەستی جووڵاند تا ئاماژەیەك بکات، بەڵام تەواوی نەکرد. بەڵام ئەدگارەکانی بارگاوی بوون بەپرسیارێکی نادیار: ئایا تایگرێلا پێیوتم کەوا ئەنینا نینۆکی بۆ کردووە؟ تایگرێلا بێ هیچ بەرگرییەك نینۆکەکانی بۆ ئەنینا رادەگرێ تا بۆی بکات، بەڵام بەوە رازی نابێ دانی بۆ پاك بکاتەوە، پووکی زۆر هەستیارە لەبەرئەوە فڵچەیەکی دانی نەرمم بۆ هێناوە تەڵەکانی لەدەزووی سروشتی دروستکراوە لەگەڵ دەرمانێکی دان کە تامی نەعنا دەدا، حەزی لەدەزووی پزیشکی نییە، خۆ ئەو هیچ شتێك ناخوا ریشاڵی تیابێت، بەڵام ئەگەر پێویستی پێی بوو دەزانێ لەکوێدایە. من لەفەم داواکرد، ڕۆماناش هەندێ گوێزەری تازەی باش پاککراوی داواکرد. بەیارمەتی خوێش، ئەمەی بەناسکی بەبەردەستەکە وت و ئاماژەی بۆ پەرداخە بەتاڵەکەی کرد. کە بەردەستەکە هات و ویسکی بۆ کردە ناو پەرداخەکەیەوە هیچی نەوت. کە بەردەستەکە ڕۆیشت دەستم کرد بەپێکەنین، بەڵام، ڕۆمانا ئایا هەموو ئەمە ڕاستەقینەیە؟ هەموو ئەمە؟ لێمپرسی، وەڵامی نەدامەوە. وردەکاری تری بیردەکەوتەوە. لەوە دەچوو یەکێك لەو ڕووداوانە وای لێکردبێ هەناسەی کورت و یەك لەسەر یەك وەرگرێ ئینجا هەناسەیەکی قووڵی داو ڕەفتەکەی لەملیەوە پێچاوبووی شلکردەوە. جێ گازێکم لەسەر ملی بینی و خۆم وا نیشاندا سەیری دیوارەکە دەکەم. لەناو ئاوێنە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکەدا لەقافا گرتم ڕەفتەکەی لەملییەوە پێچاپەوە، هەروەها بینیم بۆنی ویسکی ناو پەرداخەکەی خۆی دەکرد. زەردەخەنەیەك گرتی و وتی: تایگرێلا دەزانێ ئاخۆ ویسکیەکە ساختەیە یان نا، چونکە دەتوانێ جیاوازی لەنێوان ئەسڵی و ساختەکەدا بکات، باوەڕ دەکەی من هەتا ئەمڕۆش جیاوازیان لەنێواندا ناکەم؟ شەوێکیان بوتڵی ویسکیەکەی بەهەردوو دەستی گرت و بەتووندی بەسەر زەوییەکەدا خلی کردەوە کە کەوت بەدیوارەکەدا وردو خاش بوو. لێمپرسی: تایگرێلا بۆ واتکرد؟ وەڵامی نەدامەوە. هەستام پارچەکان کۆکەمەوە سەیری نووسینەکەی سەر پارچەکانم کرد دەبینم لەو جۆرە ویسکیەیە کە

جارێکیان تووشی حاڵەتێکی هەلوەسەی خراپی کردم. باوەڕ دەکەی–دیسان– تایگرێلا لەیەزیك زیاتر لەبارەی ژیانمەوە دەزانی؟ یەزیك خۆی لەهەموو کەس زیاتر غیرەی لێدەکردم. هەروەکو پۆلیس چاودێری دەکردم. رۆمانا خۆی وا نیشان دەدا کە مەسەلەکەی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵام چاوەکانی جارێیان لێدەدا، نیگاکان دەگۆڕا بیلبیلەی چاوی گەورە دەبوو هەروەکو ئەوەی مەرەکەبێکی رەشیان پیا بڵاوبووبێتەوە. پێشتر باسی چاوەکانی تایگرێلام کرد..؟ رۆمانا بەردەوام بوو. لەچاوەکانیا هەژاندن و هەستەکانی کەشف ئەکەم و هەست بەغیرەیان دەکەم. کەللەڕەقەو نایەوێ لەیەك شوێندا بمێنێتەوە دەچێتە دەرێ بۆ ناو ئەو باخچەیەی بەتایبەتی وەکو جەنگەڵێکی بچکۆلەم لێکردووە. هەر بانگی دەکەم کەچی نایەوێ بێتەوە. کە دێشتەوە لووتی بەفرمێسك و ئاونگ تەڕ بووە. لەو ئەڵقە ئاوییەم رووانی کە پەرداخەکە لەسەر مێزەکە جێیهێشتبوو. بەڵام رۆمانا نابینی مرۆڤانەتر دەبێ ئەگەر تۆ تایگرێلا بنێری بۆ باخچەی ئاژەڵان؟ لێیگەڕێ با بگەڕێتەوە بۆ سروشتە ئاژەڵییەکەی خۆی. من لەو باوەڕەدام ئەوە تاوانە تۆ ئەو زیندانەی خۆتی بەسەرا بسەپێنی. رەنگە بەختەوەرتر بێت ئەگەر بەرەڵای ژیانە سروشتیەکەی بکەی! تۆ کۆیلەت کردووەو کۆتەکانی خۆتی بەسەرا دەسەپێنی، بەڵکو واتلێهاتووە خۆشت بەئەوەوە بەستۆتەوە، دەبێ وابیت! ناتوانی هیچ نەبێ ئازادی خۆی بۆ پێشنیاز بکەی؟ رۆمانا کە گوێی لەقسەکانم دەگرت ئارامی لێبڕا، پارچە گوێزەرەکەی بەردایەوە ناو خوێیەکە ئینجا کەوتە لستنەوەی. ئازیزەکەم ئازادی ئاسوودەییە، تایگرێلاش هەروای دەبینێ، ئەو لای من هەموو شتێکی حەوانەوەی هەیە بەتەواوی هەروەکو یەزیك هەیبوو پێش ئەوەی من لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

پێم وت: تۆش ئێستا ئەو لەکۆڵ خۆت دەکەیتەوە.. لەسەر یەکێك لەمێزەکانی تەنیشتمانەوە پیاوێك دەستی بەوتنی پارچە ئۆپێرایەك کرد. دەتووت دەنگی لەسەرووی سییەکانییەوە دێتە دەرێ، بەڵام هەر زوو گۆرانی وتنەکەی تێکەڵ بەپێکەنین بوو. رۆمانا بەخێراییەکی سەیر قسەی دەکرد ناچار بووم بیوەستێنم (ئەتوانی تۆزێ بەخاوی؟ چیدی تێناگەم چی دەڵێی) هەوڵیدا جڵەوەکە بگرێ، سەرەتا هێواشی کردەوە کەچی ئەوەندەی نەبرد دەستیپێکردەوە، بەڵکو لەوسا خێراتر، وشەکانی یەك بەدوای یەکداو تێکەڵ و پێکەڵ هەروەکو ترپەی پێی ئەسپێك کە بەخێرایی بەسەر زەویدا دەڕوا، هەروەکو ئەوەی کاتی وای بەدەستەوە نەمابێت بۆ ئەوەی هەیەتی بیڵێ.. ئەزانی؟ هەموو شەڕە توندەکانمان بەهۆی ئەوەوەیە.. یەزیك.. ماکی خۆشەویستی کۆن لەپڕ سەری هەڵدایەوە، هەندێجار پەیوەندیم پێوەدەکات، شەو پێکەوە بەسەر دەبەین و دواتر لەگەڵی دەخەوم. تایگرێلا باش دەزانێ چی روودەدا. جارێکیان گوێی لێمان بوو بەتەلەفۆن قسەمان دەکرد، کە گەڕامەوە چاوەڕوانی دەکردم لەبەردەم دەرگاکەدا رەق هەروەکو پەیکەرێك داکووترابێت. ناجووڵێ هەتا ئەگەڕێمەوە. هەوڵمدا بەپێی توانا مەسەلەکە بشارمەوە، بەڵام زیرەکە، لێم نزیك بووەوەو دەستیکرد بەبۆن کردنم تا زانی بۆنێکی ترم پێوە لکاوە. زانی ئەوە بۆنی پیاوێکە. بوو بەدڕندەیەکی تووڕە. وابزانم ئێستا ئیتر ئەمەوێ ئاژەڵێکی ئەفسانەییم هەبێ، ئەسپێکی سووربا و یەك شاخی پەمەیی بەتەوێڵییەوە بێ، وێنەی یەکێکی وام لەسەر فەرشێك دیوە، شازادەکە زۆری خۆشدەویست ئاوێنەیەکی پێبەخشی تا سەیری خۆی بکات. بەیارمەتی، بەردەست، سەعات چەندە ئێستا؟ سەهۆڵی تری بۆ هێنا. دوو رۆژی تەواو هیچی نەخوارد. پڵنگێتییەکەی بەسەریدا زاڵبوو بوو بەدڕندە. ئەمجارە رۆمانا بەهێواشی دەدواو دەنگی گڕتر بوو، وشەکانی یەك لەدوای یەك دەهاتنەدەرێ، بەڵام ئەمجارە مەودایەکی بەتاڵی لەنێوان وشەیەك و ئەویتردا دەپاراست. دووو رۆژ هیچی نەخوارد.

بەتەنیا دەنگی ملوانکە هەڵواسراوەکەی دەلستەوە پۆزی بەسەر هەموو خەڵکیماڵەکەدا لێدەدا. سەرم سووڕمابوو. یەزبك پەیمانیدا پەیوەندی بکات و کەچی نەیکرد. دواتر تێبینییەکی بۆ ناردم دەڵێ (بۆ تەلەفۆنەکەت ئیش ناکات؟) کە رۆشتم بزانم چییە، سەیرئەکەم وایەری تەلەفۆنەکە بەتەواوی بەدان جوراوەو بەئاشکرا نیشانەکانی بەسەر هەموو وایەرە نایلۆنییەکەوە دیارە. تایگرێلا هیچی نەوت، بەڵام هەستم کرد بەدوو چاوی کزکراوەوە چاودێریم دەکات. هەستم کرد نیگاکانی دەتوانێ دیوار بڕێ. هەستدەکەم ئەویش هەر ئەو رۆژە هزری خوێندمەوە. ئیتر دەستمانکرد بەوەی متمانەمان بەیەکتری لەدەستدەین، سەرەڕای ئەوەش، ئایا دەبینی؟ وا راهاتووە کە چالاك بێ.

وا راهاتووە؟ بەسەرسوڕمانەوە لێمپرسی، دەستی بەسەر مێزەکەدا درێژکرد هەروەکو ئەوەی تەحەدام بکات. بۆ بەو شێوەیە تەماشام دەکەی؟ دەبێ چیتر بکەم؟ بێگومان سەعات یازدە لەخەو هەستاوە. ئەمە ئەو کاتەیە کە هەمیشە تیایدا لەخەو هەڵدەستێ، چونکە حەزی لەشەوەو چێژ لەسەهرە وەردەگرێ. لەجیاتی شیر بوتڵێ ویسکیم بۆ دانا. گڵۆپەکانم کوژاندەوە، حەزی لەتاریکییە بەتایبەتی کە هەست بەوەڕسی و شکاندن دەکات. لەو باوەڕەشدام لەتاریکیدا باشتر دەبینێ، بەڵام ئەمڕۆ نائومێدە لەوەتەی گوێی لێبووە لەماڵ دەچمەدەرێ، وا دەزانێ یەزبك دەبینم و ئێستا لەگەڵیدام. وەکو هەموو شەوێکی تر ئەو دەرگایەی دەکەوێتە سەر بالکۆنەکە کراوەیە، بەڵام پێشتر هیچ رووینەداوە. ناتوانی قەت پێشبینی ئەوە بکەی ئاخۆ تایگرێلا چی دەکات، ناتوانی قەت زامنی بکەی، رۆمانا ئەمەی بەچرپە دەوت و بەکلینکسێك ئەو خوێیەی بەپەنجەکانییەوە بوو لێیدەکردەوە. ئێستا دەگەڕێمەوە. من لەڕێدام بەرەو شوقەکە، دەزانم، دەگەم و دەلەرزم، چونکە نازانم ئاخۆ دەرگاوانەکە دێت، پێمدەڵێت کەوا کچێك لەبالکۆنە بەرزەکەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە، رووتەو بەتەنیا ملوانکەیەکی زەردوویی لەملدایە، یان دەرگاوانەکە وا ناکا...

*لیجیا ڤاجۆندیس تیلیس 1923/4/19

لەبەرازیل کورتە چیرۆك بە(ماکادۆدی ئەسیس) دەستپێدەکا کە لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستدا جیهانێکی ئەدەبی دروستکرد (کافکا)مان بیردەخاتەوە. هەرچەندە (لیجیا ڤاجۆندیس تیلیس) لەم چیرۆکەدا (تایگرێلا) ئەو شێوازەی بەکارهێناوە، بەڵام بەرهەمە ئەدەبییەکانی تری بەحاڵ ئاماژە بۆ لایەنە تاریکەکەی خەونەکان دەکا، بەڵکو تیشك دەخاتە سەر ئەو ژەنگ و ژارەی قەناعەتە کۆمەڵایەتییەکانی بارگاوی کردووە.

لیجیا لەتەمەنی منالییەکی زووەوە دەستی بەنووسین کردووە.. رۆمانی (Asmenians) کە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە بەناوی (کچی ناو وێنەکە)وە رۆمانێکی سەرنجڕاکێشەو لەسەر تەلەفۆنکردنێکی نادیار بنیاتنراوەو لەمیانەی سێ کچەوە (هەستکردن بەپشتگوێ خستن و شەرم و ترس) ئاشکرا دەکات.

چیرۆکی تایگرێلا لێکۆڵینەوەیەکی وردە بۆ دەروونی ژن، تیایدا رەهەندە مەجازییەکان ئاشکرا دەبێ، ئەوەی لیجیا ڤاجۆندیس پێی دەڵێ (دارستانە سەوزەکانی ناخمان کە گەڵاکانی تێر خوێنن).